# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ ڕوونکردنەوە و داوا: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(١١-٤)

### نامەی عەلی بەگی شێرزاد 13250313

وەزارەتی هێزی دێموکڕاتی کوردستان (هێزی ناوەندی)

فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و مەنتەقەی سەرا

ئیحترامەن بەعەرز دەگەیەنم سوبحی رۆژی 250313 بەمەنزووری گێرانەوەی عیدەی شکاک ،بۆ رێی عوبووریان حەرەکەتم کرد. لەبەینی دێی بەردەزەرد و ینگی کەند بەدەستەی ئاغای نووری بەگ گەیم. زۆرم ئیسرار کرد نەگەڕانەوە. لەوێوەچووم بۆ دێی قەڵەندەر ئاغای تایرخان سمکۆ ، رەشید بەگ هەرکی، تەهائاغای هەرکی ، قادرئاغا و سەرتیپ و قسمەتێ ئاغایانی دی لەدێی ناوبراو مولاقات کرد بەهەزاران ئیسرار و خاهیش و چەند سەعات موزاکەرات بەهەر نەوعێک بوو ئاغایانی ناوبراوم ئیقناع کرد کەعێدەکەیان لەچۆم بچنەوەئەو بەر لەدێهاتی وەشەدەرە، یازی بڵاغی ، باڵەقوڵوو ، قاشوق،تەمەرکوز بکەن و روئەسایان لەدێی قەڵەندەر و قەڵاگابمێننەوە. لەپاش ئەو قەرارەچوومەدێی ینگی کەند. لەو بەینەدا ئاغایانی نانەوازادەو عەزیزی سدیقی بۆ دانی دەستووری مەرکەزی هاتنەدێی ینگی کەند و ئاغایانی روئەسای ناوبراویان بانگ کرد بۆ دێی ناوبراو شەوی 250314 گفتوگۆ دەکرێ . نەتیجەی موزاکەرات لەئاخردا بەعەرزدەگات.

فەرماندەی هێزی چڵی پێنجی ناوەندی : عەلی شێرزاد

### نامەی تایرخان سمکۆ 13250314

فەرماندەهێزی سەراوبۆکان

مەحتەرەمەن عەرزت دەکەم کاعەزی جەنابت گەیشت و زیارەت کرا. نووسرابوو کەتەرکی جەبهەمان کردوە، ئێمەتەرکی جەبهە مانەکردوەئەما لەپاش چەند شەڕ و جەنگی سەخت فیشەک مان تەواو بوو. خڵاس مان کرد. جا ئەو وەخت میقدارێک لەجەبهەدوورکەوتین .نووسیبووتان دووهەزار فیشەک حازرەپیاو و وڵاغ بنێرم وەرگرم. دوو هەزار فیشەک چ کارێک دەکات جەنابت بۆخۆت دەزانی کەهەزاروشەش سەد نەفەر دووهەزار فیشەک بەشی ناکات. تەقریبەن یازدەموسەلسەل مان هەیەخاهیش دەکەم بۆ مەرکەز بنویسەکەفیشەک و ئەسباب بۆ ئێمەبنێرن کەئیقدام بکەن .قەسەم بەخودا بەعزێ نەفەراتی ئێمەیەک پاکەت فیشەکیان ماوە. بەیەک پاکەت چ جۆر شەڕ بکەن ؟ فەوری دەستوور بفەرموو کەموعەتەل نەبین.

**نامەی عەلی بەگ شێرزاد 13250314**

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان ،هێزی ناوەندی لەشکری 2 میاندواو

لەفەرماندەی هێزی چڵی 2 ناوەندی

مەوزووع : نەتیجەی موزاکرات

بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەژنراڵ مایور جەنابی حەمەڕە شیدخان قادرخان زادە

موحتەرەمەن لەوڵامی نووسراوە429، 132503114 بەعەرز دەگا: مەوزووع موزاکەرات ئاغایان نانەوازادەو سدیقی لەگەڵ ئاغایانی شکاک و هەرکی راجع بەتەرکی جەبهەی ئەوەلیەی خۆیان وتاڵان کردن لەوڵاتی ئشغاڵی بوەو لەبەر ئەوەش بۆ ئەو مەنزوورەفیشەک و موهیماتیان لەنێودا بڵاو کراوەتەوە وەلی ئاغای نووری بەگ لەچوونەوەبۆ جەبهەی پێشوو خودداری دەکا و دەڵێ فیشەکمان کەمە. زمنەن تەوسیەشیان پێ کراوەکەلەوەی پاش لەتاڵانکردنی خەڵک و رەعیەت بەکولی خودداری بکەن . ئەوعەمەلەبەرخلاف مرام موقەدەس دێموکرات کوردستانە. بەوجۆرەبەهەر سوورەت بۆ تەرەف جەبهەحەرەکەتیان پێدراوە. مونتەها تا فیشەکی دیکەیان نەبێ ناچنەوەخەتی هەوڵیەجەبهە. داوایان ئەوەیەکەمامەش و زەرزابێتە....تا ئەوان بچنەوەکن خەتی هەوەڵی رەشید بەگ و تەها.

فەرماندەی چڵی 5 ی هێزی ناوەندی : عەلی بەگی شێرزاد

---

**نامەی عۆمەرخانی شەریفی سەرۆکی عێلی شکاک 13250315**

بەخزمەت ژنراڵ مایور محەمەدڕەشیدخان فەرماندەی هێزی مەنتەقەی بۆکان و سەرا

نامەکەت گەیشت بەتەواوی حاڵی بووم . ئیزهارت کردبوو کەئینسان نابێ فیشەکی دەوڵەتی زایع بکات . ئەوەڵەن تا ئێستا یەک دانەفیشەک لەتەرەف دەوڵە تەوەبەمن نەگەیشتوەو فێشەکێک کەبەخۆمانەهەر دانەبەستەکریومانە. ئەڵبەتەئینسان هیچوەخت رازی بەزەرەرشەخسی خۆی نیە. لەوەختێکدا کەکاعەزت وارید بوو بەخەیاڵم فیشەکمان لەتەرەف دەوڵەتەوەبۆ حەواڵەکراوە. هەرمەوقع فیشەکمان لەتەرەف دەوڵەتەوەبۆ حەواڵەکرا و ئێمەتەحویل مان گرت ئەڵبەتەبێ جیهەت زایع ناکرێ. عیدەی من یەک هەزار و دووسەد سوارە. هەروەخت بەکفایەت یەک هەزار و دووسەد سوار فیشەک لەتەڕەف دەوڵەتەوەگەیشت زۆر چاک موازب زایع نەکردن فیشەک دەبین.

رەئیس عێلی شکاک : عومەر

---

**نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ وەزارەتی هێزی جەمهووریەتی کوردستان 13250320**

دائیرەی فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی (قەڵەمی ستاد)

بۆ وەزارەتی بەرزی هێزی جەمهووریەتی کوردستان

مەوزووع : تەعیینی چەخماخ سازە

ئاغای محەمەدی کارسازی ساکینی دێی سەرا پیاوێکی زۆر ئەخلاق و کردەوەجوانە. غەیری ئەوەش لەسەنعەت و فەننی ئەسلەحەسازیدا چەخماخ سازێکی ماهیرە. لەو رۆژەیەوەکەهێزی دیموکڕات هاتۆتەئەو ناوەئەو شەخسەبەبێ مزد و مەنفەعەت هەتا ئێستا تفەنگی زۆری خراپ بووی هێزەکانی چاک کردۆتەوە. جا لەبەر ئەوەی کەهەمیشەمحتاجین بەسەنعەت کارێکی ئاوا لایق ئەوا رەسمەن بەعەرزتان ئەگەیەنم کەئەمر بفەرمووی ئاغای ناوبراو بەتفەنگ سازی

ڕەسمی مقابل بەمووچەیەکی کافی دایمیی ئیعتیبارەن لەگەیشتنی ئەو نووسراوەلەستادی ئێمەدا ئیستخدام بکرێ . ئیتر پێویستی متوەقفی ئەمرتانە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

**نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ عەلی بەگی شێرزاد 13250419**

بۆ فەرماندەی هێزی بۆکان ئاغای عەلی بەگی شێرزاد

مەوزووع: تەرفیعی ئاغای عەلی حەسنیانیە

وەزیری بەرزی جەمهووریەتی کوردستان بەئەمری ئیداریی ژومارەو ڕۆژی 13250419 موافەقەتی فەرمووەکەئاغای عەلی حەسنیانی قازڵیانی دەرەجەی ناودار یەک هەڵبگرێ . جا ئەوەعەینی ئەمری ئیداری ناوبراوتان بۆ نێردرا . لوتفەن بەعەجەلەبۆی بنێرەو تەبلیغ بکە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

**نامەی حەمەڕەشیدخان بۆ ئەحمداغا 13250421**

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان . ستادی کول

بۆ ئەحمەداغای موحتەرەم

مەوزووع: ئامینەناوەکەغەدری لێکراوە

زەعیفەئامینەناو بەعەریزەیەکی موفەسەل مراجەعەتی پێکردین . گۆیا هەتیو بارە. کەچی لەرەغمی مساعەداتی هەتیوباری بێگار و فەرمانی شەخسیی خۆتانی پی ئەکەن و نانی بۆ لەشکرچیان لێ ئەستێنن . چونکەئەو زەعیفەیەبەمادامێکی مێردی نیەو هەتیو بەخێو ئەکا لەهەموو وێنەئەرک و تەکالیفێکی ئاغایی و لە شکرچێتی موستەسنایە. بەهەموو مەعنایەکەوموستەحەقی کۆمەگ پێکردن و موساعەداتە. جا بەو موناسەبەتەئەوەئامین ناومان بەرێکردەوەبەو نیەتەزۆر دڵخۆشی بدەنەوە. مەرامی بەئەنجام بگەیەنن بۆ ئەوەی کەرەفعی تەئەسوری ئەو چەند وەختەی بکری و ئەگەر هەر ئاشت نەبۆوەو ویستی نەقڵی مەکان بکا زۆر بەحورمەتەوەرەوانەی ئەوجێگایەی ئەکەن کەماڵی ئەباتێ . ئیتر نەتیجەی کۆچ و بار و مانەوەی ئەو زەعیفەیەمان بۆ ئەنووسنەوە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

**درێژەی هەیە**